# ڕێنووسی کوردی

**ئامادەکردن:**
**بەشی زمانەوانی**

”

بە سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن.

“

### کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ڕ» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

### کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

### کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەمووان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیرێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

### (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باســـمان کرد، ئەگەر لە شـــوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی ســـێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێهەمدا نایننووسن بەڵام نووسینی پێویستە.
١.
پرسیاری کرد
وتاری نووسی
کتێبی خوێندەوە
٢ و ٣.
کورد ئازادیی دەوێ
شەریف چالاکیی ژینگەییی دەکرد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
خۆپێشاندانی نارەزاییی بەرێوە برد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێهەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێهەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.
نموونەی گەردانکردن
گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان
ئەگــەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ــــی کۆتاییی هاتبێــت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ــــی بقرتێنرێت:
نووسین: نووســی:
نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)
نووســـیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)
پرســـیـــن:
پرســی + م = پرســـیـــم
پرســی + ت = پرســـیـــت
پرســی + ی = پرســـیـــی
دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).
پرسی + مان = پرسیمان
پرسی + تان = پرسیتان
پرسی + یان = پرسییان
دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)
نموونەی تر:
کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووســین)، کە لە ســێیەم کەســی تاکدا دەبنە (ئەو دزیــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن،

...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــــیـــــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــــیـــــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، برین، کرین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بریی، ئەو کریی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کارییە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە
ئەم جێیە
ئەم پێکهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم

هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.
هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت:
بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار
هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.
ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو
بەڵام
بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.
یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،
لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ۱: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی ...، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی۲: لە ئەم لا —- لەم لا
لە ئەو کا—- لەو لا

## کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.

(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری داڕێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:

دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.

تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

## کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری داڕێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.

لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئێستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

## ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.

ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

لە ئەو ــــ- لەو
لە ئەم ــــ- لەم
لە ئەوێ ــــ- لەوێ
لە ئەمێ ــــ- لەمێ
لە ئێرە ــــ- لێرە

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێـــک کار بە پێشـــبەندەکانیانەوە مانای تازە دروســـت دەکەن بۆیە دەبێ بەســـەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

**ئیدیۆم**

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داختستن
= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
**٣** گۆڤاری تیشــک گرنگی بە چوار شــێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:
- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شـــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
**٥** دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشــک کەڵک لە سیستەمی ســەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســـتیان بە ئاماژە بە ســـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شـــرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion ١٨٨٠-١٩٢٥ (Austin, University of Texas Press, ١٩٨٩) ٨٣-٤.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, ٢٠٠٣), ٨-٩.

### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (٢٠١٩ online): ١٨.